# "هەواری خاڵی" ی مامۆستا هێمن

هێمن موکریانی، *"هەواری خاڵی – سەرجەمی نووسینی هێمن"*، بە سەرپەرشتی بەدران ئەحمەد و عوسمان دەشتی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر 2003، 304 لاپەڕە، کوردی.

ئەم کتێبە لە ڕاستیدا گەنجینەیەکی بەنرخی هونەرە و هەرکوێیەکی سەیر بکەی زانست و زانیاریی لەمەڕ مێژوو و هونەری کوردییە، لە چیرۆک و شیعر و زمانەوانییەوە تا ڕۆژنامەگەری و بیرەوەری.

من بۆ جاری دووهەم خوێندمەوە و ئەو بابەتانەی وا سەبارەت بە بۆکان بوون هەڵمبژاردن بۆ ئەم بەشەی 'بۆکان لەمێژوودا'.

جگە لە باس و هەواڵ و قسەی ئێرە وئەوێ سەبارەت بە بۆکان وناوچە و خەلکەکەی، دوو بەشی سەرەکی کتێبەکە ڕاستەوخۆ بۆکان دەگرنەوە:

- ووتاری دووهەم و سێهەم کە بابەتێکی پێکەوە لکاون و باسی بڵاڤۆکی 'ڕۆژی کورد' ی سەردەمی سمکۆ لە ورمێ ، وەک یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن و مامۆستا هێمن لەو ڕۆژنامەیەوە هەواڵی چۆنیەتی کووژرانی خالۆقوربان ڕادەگوێزێت (لاپەڕە 13 تا 19)؛

- ووتاری شازدەهەم، پێشەکییەک بۆ 'پێکەنینی گەدا' ی مامۆستا حەسەنی قزڵجی (لاپەڕە 100 تا 105).

ووتاری شازدەهەم، پێشتر لە بەشی 31 ی ئەم زنجیرە ووتارەدا باسی لێوە کراوە و گوتراویشە کە مامۆستای بەڕێز هێمن سەرەتای بۆ نووسیوە، جا لێرەدا دووپاتی ناکەمەوە. مامۆستا هێمن لە سەرەتاکەیدا دەنووسێت: *"لەموکریان باوە دەڵێن بنەماڵەی قزڵجی وەک بێچوە مراوی وان، هەر لەهێلکە هاتنەدەر، مەلەوانن!"*

بەڵام ووتاری دووهەم و سێهەم بابەتێکی مێژوویی گرنگی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیان لەخۆگرتووە، کە مامۆستا هێمن لە کتێبی موحەممەدی تەمەددون بەناوی *"اوضاع ایران در جنگ اول، یا تاریخ رضائیه"* ی ڕاگواستووە ولە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی. من لێرەدا هەڵبژێرراوی ئەو شوێنانەی ووتارەکە کە بۆکان دەگرنەوە دەهێنمەوە. شایانی باسە نوسخەی ڕۆژنامەی جێگەی باس واتە "ڕۆژی کورد" یا "ڕۆژی کورد، شەوی عەجەم" تا ئێستا لە هیچ شوێنێک دەرنەکەوتووە و وێدەچی بە تەواوەتی فەوتابێت. تەنیا سەرچاوەیەکیش کە باسی لێوە دەکات، محەممەدی تەمەددون-ئازەربایجانییەکی دژی کوردە کە خاوەنی چاپخانەکە بووە و لە لایەن کوردانەوە مەجبوور کراوە

ڕۆژنامەکە کوردییەکەیان بۆ چاپ بکات. دیارە دەزانین سەرنووسەری ڕۆژنامەکە، نەمر مەلا محەممەدی تورجانی زادە، برای ئەحمەدی تورجانی زادە ی بە ئەسڵ تورجانی بووە.

ئەوە گوڵبژێری ناوەڕۆکی ووتارێکی ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردە کە بەکوردی نووسراوە، محەممەدی تەمەددون تەرجەمە فارسییەکەی لە کتێبی خۆیدا هێناوە و مامۆستا هێمنیش لە فارسییەوە کروویەتەوە کوردی؛ شیردا بۆ داپیر دا!

**بەڵام باسی شەڕی کورد لەگەڵ سوپای عەجەم بە سەرکردایەتی خاڵۆقوربانی هەرسینی:**

**1.** "لەشکری کورد بە فەرمانەریی 'سەید تەها ئەفەندی' لە گوندی 'قۆزلوو' ی هەوشار بوون و خۆیان بۆ هێرش بردنە سەر ساین قەلا ئامادە دەکرد، کە خەبەری دەستدرێژیی خالۆقوربان لە میاندواوەوە بۆ شارویران و سابڵاغ، بەهۆی دوو سواری [عەلی خانی] سەرداری موکرییەوە گەیشت.

**2.** [سوپای سەید تەها] دەسبەجێ بەرەو سابڵاغ گەڕایەوە. شەوی 29 ی ڕەمەزان [ی ساڵی 1340]* لە بۆکان مانەوە و بەیانی زوو ڕۆیشتن... وایان دانا: جانگیربەگ لە عێلی هەرکی، ئەسکەندەرخان لە خەڵکی برادۆست، هەمزاغا لە عێلی مامەش، ئەمیر ئەسعەدی دیبوکری و سالارسەعید لە خەتی لاچینەوە بچن... ئەمیرولعەشایر و ئەمیر ئەسعەد و سالار سەعید سەرلەبەیانی لە سەر کێوی 'زاوا وبووک' را کە لێی دامەزرابوون، لەشکری خاڵۆقوربانیان لە سەر 'داشامەجید' دایە بەر دەستڕێژ.... سوارەکانی ئەمیر ئەسعەد و سالار سەعید هەرکام مەترەلیۆزێکیان دەست کەوت....لەو شەڕەدا خالۆقوربان و چەند ئەفسەر و سەرباز کووژران. هێندێک دەڵێن سوارەی ئەحمەدی گوڵاوی ئاغای مەنگوڕ و هێندێکیش دەڵێن ئەحمەدخانی هەرکی خاڵۆقوربانیان کوشتوە.

**3.** کۆلۆنێل نەسروڵڵاخان زۆر بە فیزەوە لە ساین قەڵاوە بەرەو بۆکان هات ... ئەمیر ئەسعەد ئەو خەبەرەی بیست و زۆر بە پەلە خۆی گەیاندە ئەمیرئابادی تەنیشت بۆکان. کۆلۆنێل کە دەگاتە بۆکانی وخەبەری خاڵۆقوربان دەزانێ، "' فیزماڵکی دەداتێ و بۆکان بەجێ دێڵێ وبەرەو ساین قەڵا دەگەڕێتەوە. سوارەکانی بەگزادە و سەرداری موکری ڕەدوویان دەکەون. ئەمیر ئەسعەد و ئاغاکانی دیکەی دێبوکری بە ڕکێف کوت خۆ دەگەیێننە [پاریدەی] سوارەکانی موکری و بەگزادە. ئوردوی ژاندارمری لە کێوی پشت ئاڵبلاغ گەمارۆ دەدەن، زۆرێک دەکووژن و بەدیل دەگرن، دەسکەوتیش گەلێکە. لەو پەلامارەدا 'سوڵتان عەبدولحەمید خان' ئەفسەری ژاندارمری کووژراوە. کۆلۆنێل دەگەڵ پاشماوەی لەشکرەکەی شەوانە لە کێو دێتە خواری و بە لاڕێدا هەڵدێ. ئاغایانی بەگزادەی فەیزوڵڵابەگی تۆپێکی گەورەیان گرت و ناردیان بۆ 'چەهریق'....."

لە درێژەی هەواڵەکە و لە پەراوێزی کۆتایی ووتارەکەشدا وورده زانیاری دیکە سەبارەت بە بۆکان هەن، بۆ نموونە نووسیویەتی "سەردار موکری، عەلی خانی کوڕی حەمەحوسەین خانی شەهیدە، سالار سەعید هەمان عەلی بەگی حەیدەری برای میسباحوددیوانی شاعیرە، ئەمیر ئەسعەد، عەلی

ئاغای عەلیار- سەرۆکی عەشیرەتی دێبوکرییە و  فەیزوڵڵابەگی عەشیرەتێکی بەناوبانگن کەوتوونەتە نێوان سەقز و بۆکان."

---

* 29 ی ڕەمەزانی 1340 ی مانگی، بەرانبەرە لەگەڵ 1922/05/26 ی زایینی.